رەخنە

# شیعرییەت چییە؟



خالید مەغدید کانبی

لەنێو ژێدەرەکانی ئەدەبناسی کوردیدا بە رانبەر بە زاراوەی (poetics) چەندین زاراوەی جۆراو جۆر بەکارهاتوون و بەرچاو دەکەون، لەوانە: (شیعرییەت) ، کە لە هەندێک شوێندا وەکو ناونیشانی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان دانراون، جگە لەمەش زاراوەکانی (شیعرییەتی، بووتیقا و هونەری شیعر)یش بەرچاودەکەون(٦). لەنێو ئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەگەلێک بەرانبەر بە (شیعرییەت) بەکارهاتوون، وەکو: ((شیعرییەت – الشعریيه، دارِشتنەوە – الانشائیه، شاعیریەت – الشاعریه، ئەدەبناسی – علم الادب، هونەری داهێنان – فن الابداع، هونەری هەڵبەست – فن النظم، هونەری شیعر – فن الشعر، تیۆری شیعر – نظریه الشعر، بوتیقا – بوتیک))(٥) ، هەروەها لە زمانی فارسیشدا هەریەکە لە ((بوتیقا، شاعیری، هونەری شیعر، هونەری شاعیری))(١) بەرانبەر بە زاراوەی شیعرییەت بەرچاو دەکەون.

کەواتە زاراوەی " poetics " لەنێو ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبیدا؛ بەشێوەی جیاواز وەرگێڕدراوە، وەلێ لەنێو وێژەی کوردیدا بەرێژەیەکی زۆر و بەرچاو زاراوەی شیعرییەت بەکاردێت، هەروەکو لەنێو توێژینەوەکانی ئەدەبناسیدا؛ تایبەت ماستەر و تێزی دکتۆراکاندا پەیڤی " شیعرییەت " بەشێکە لە ناونیشانی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان.

لەنێو سەرچاوەکانی ئەدەبناسیدا؛ لەبارەی مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ئاماژە بەوە

دەکەن کە ((شیعرییەت زاراڤەکێ کەڤنە و دەمان دەمدایێ نوییە، یێ کەڤنە چونکە سەروکانی و نەژادی وی بۆ ئەرستۆی د زڤریت، ڤەژیننوییا تیاوی ژی ل سەر دەستێ کوما فۆرمالیستێن روسی بوو کو دڤی بیاڤی دا "ڕۆمان یاکوبسن" ی رۆلەکێ پێشچاڤ هەبوو...))(١٦) واتە شیعرییەت زاراوەیەکی کۆن و نوێیە لە یەک کاتدا، لە کۆندا ئەرستۆ بەکاری هێناوە و، ئەم بەکارهێنانە پێشوەختەی " ئەرستۆ " بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنەڕەتدا ناونیشانی کتێبەکەیەتی کە " هونەری شیعرە" ە، ((هەربۆیە زاراوەی شیعرییەت "poetics " لە ڕووی بەکارهێنانەوە بۆ یەکەمینجار بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، دواتریش لە سەردەمانێکی درەنگتردا بەنێو زمانی گەلانی ئەوروپا و جیهاندا بڵاوبۆتەوە))(٦).

چەمکی شیعرییەت لەسەرەتای بەکارهێنانی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت؛ گۆرانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە، وەکو (شیعرییەت)ی "ئەرستۆ " کە لە یاساکانی داهێنان دەدوا، یان چەمکی "هاوشێوەبوون" لەلای (جان کۆهین). بەشێوەیەکی گشتی چۆنیەتی ئەو تێڕوانینە جیاوازانەی کە بەسەر چەمکی شیعرییەتدا هاتووە؛ لە دوو شێوەدا خۆیان دەنوێنێن، یەکەمیان: ((ئەرستۆ بە واتای " تیۆری داهێنان " خستییەڕوو، کە مەبەست لێی کاریگەریی تایبەتییە بۆ هەر شێوازێکی شیعری و لێکۆڵینەوەی ئەو ڕەگەزانەی کە واتا دیاری دەکەن و هەر کارێکی شیعریش دیاری دەکات بەو پێیە لاسایی کردنەوە یان ڕەوانی دەربڕینە، واتە ئەرستۆ شیعرییەتی بە داهێنان داناوە، وەلێ تایبەتی کردووە بە شیعر، هەروەها پێی وایە شیعرییەت کاریگەری بەسەر شێوازی شیعری و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر هەیە. هەرچی دووەمیانە: جاکۆبسۆن خستییە ڕوو، کە مەبەست لێی ئەوەیە پەیامێکی زمانی دەکاتە کارێکی زمانی و هونەری زمان، لە هونەرەکانیتر جیادەکاتەوە(١٤). واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەلای ئەدیبان و شاعیران کە جیایە لە بەکاربردنی زمان لەکاتی قسەکردن لەنێوان خەڵکی ئاساییدا و، تێکشکاندنی فەرهەنگ و داهێنانی نەبوویەکە، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانیش لەلای ئەدیبان؛ لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی جیاوازی هەیە، بەو مانایەی شیعرییەت لەنێو هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا وەکو یەک نییە.

لەنێو پەرتووک و توێژینەوە ئەدەبییەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە شیعرییەت بە دوو شێوە دەردەکەوێت، ئەوانیش:

١. شیعرییەت یان شیعری" La poetique " بەشێوە مێیەکەی؛ ناو و ناولێنانێکە لەلایەن ئەرستۆ دانراوە بۆ دەستنیشانکردنی تیۆری جۆرەکانی ‘’Genre’’ ئەدەب و تیۆری ئاخاوتن ‘’ Discourse " . تەواوکەری ڕەخنەی ئەدەبییە، شیعرییەت بەمجۆرەیان بایەخ بەو فۆرمانە دەدات کە نەبەستراونەتەوە بە تایبەیمەندی ئەو کارە ئەدەبییەی کە کەرەستەی ڕەخنەی ئەدەبیین، کەواتە شیعرییەت ناو و ناولێنانێکە کە ئەرستۆ دایناوە، بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئەدەب و تیۆری ئاخاوتن.

٢. هەرچی پەیوەستە بە دەركەوتنی شێوەی دووەمی شیعرییەت؛ ئەوا شیعرییەت بە فۆرمە نێرەكەی " Le poetique" ناو و ناولێنانێكە بۆ جەهەری شیعرەكە وەك تایبەتمەندییەك لە دەرەوەی جۆری شیعری كە خۆی دەردەكەوێت، بەو مانایەی دەركەوتنی شیعرییەت لەم شێوەیەدا جەوهەر و كرۆكی شیعرە و جوانی و چێژی شیعر پەیوەستە بە بوونی شیعرییەت (١٣).

زاراوەی شیعرییەت لە رووی رووخسارەوە رەنگە وا بكەوێتە بەر دید و هزری خوێنەران كە پەیوەندییەكی پتەوی بە شیعرەوە هەبێت و تەنیا لەنێو دەقە شیعرییەكاندا ئامادەبوونی هەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخ و سەرنجە؛ ئەوەیە كە مەرج نییە شیعرییەت تەنیا لە شیعردا بدۆزینەوە و هەست بە بوونی بكەین، بەڵكو دەكرێت لەنێو هەموو ژانرە ئەدەبییەكانی وەكو ( شیعر، رۆمان، چیرۆك، ژیننامە، ...تاد) شیعرییەت هەبێت، تەنانەت هەندێكجار دەتوانرێ شیعرییەت لەنێو ئاخافتن و قسە و گفتوگۆی خەڵكیدا هەستی پێبكرێت، هەروەكو زۆرجار بە كەسێك دەوترێت قسەكانت دەڵێی شیعرە، ئەمەش بەهۆی جوان دەربرینی پەیڤ و گرێ و رستەكان و بەخشینی سیمایەكی هونەری بەدی دێت (١٤).

لەدوای خستنە رووی هەبوونی شیعرییەت لەنێو تێكرای ژانرە ئەدەبییەكان و تەنانەت گفتوگۆی خەڵكی ئاسایی، هەروەها ئەوەشمان روونكردەوە كە شیعرییەت بە تەنیا تایبەت نییە بە شیعر، بۆیە پێویستی دەزانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە " هەبوون و نەبوونی شیعرییەت لەنێو دەقە ئەدەبییەكاندا چۆنە؟ ئەگەر هەبێت چی؟ ئەگەر نەبێت چی؟ "

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە دەكرێ ببێژین: بوونی شیعرییەت لە نێو بەرهەمە ئەدەبییەكاندا، بوونی رۆحە لەنێویاندا، چونكە ئەگەر شیعرییەت لەنێو دەقە ئەدەبییەكاندا دابماڵین؛ ئەوا جگە لە رستەیەكی مردوو هیچی دیكە نییە، یان بە واتایەكی دیكە هەر ژانرێكی ئەدەبی؛ شیعرییەتی تێدا نەبێت، ئەوا هیچ تام و چێژێكی نابێ و كار لە دەروونی وەرگر ناكات، ئەوكاتەش ئەدەب وەك هونەرێك لە هونەرەجوانەكان ئامانجە سەرەكییەكەی لەدەست دەدات، چونكە ئامانجی تێكرای ئەدەب و هونەر سود بەخشین یان كارتێكردنە لە دەروونی وەرگر. هەر سەبارەت بە بوونی شیعرییەت لەنێو دەقە ئەدەبییەكاندا زانا خەلیل دەڵێت: ((من پێم وایە بەشی زۆری شیعرییەت لەناو وێنەكانی تێكستدان))(٨). وەلێ مەرج نییە لەنێو دەقە ئەدەبییەكاندا تایبەت لەنێو ژانری شیعردا پشكی هەرە گەورەی شیعرییەت بەر وێنەی شیعری بكەوێت، چونكە؛ دەقی ئەدەبی لەنێو خۆیدا یەكەیەكی یەكگرتووە، ناتوانرێت لەیەكتری جیابكرێتەوە، جیاكردنەوەشی تەنیا بۆ مەبەستی توێژینەوە و تێگەیشتن و فێربوونە

كەواتە هەر وەكو چۆن دەق یەكەیەكی یەكگرتووە و ناتوانرێت لەیەكتری جیابكرێتەوە و هەموو رەگەزەكان بەیەكەوە دەق پێكدێنن، هەروەكو لە شیعردا " زمان، وێنە، مۆسیقا، خەیاڵ و هزر...تاد دەقێكی شیعری پێكدێنن، ئەوا لە رۆمان و چیرۆك و ژیننامە و تێكرای ژانرە ئەدەبییەكانی

تریش بەھەمان شێوە؛ کە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕەگەزەکانی ئەدەب ھاوبەشن، بەڵام بەھۆی کۆمەڵێک ڕەگەزی دیکەی تایبەت بەخۆیان لەیەکتری جیا دەبنەوە. بەھەرحاڵ ئەوەی ئێمە گەرەکمانە؛ ئەوەیە کە ناتوانرێت شیعرییەت تایبەت بکرێت بە بە ژانرێکی ئەدەبی و ھەروەھا لەناو ئەو ژانرەشدا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا پەنگ بخواتەوە، ھەروەکو لە پێشتر بۆچوونی " زانا خەلیل " مان بە نموونە ھێنایەوە؛ کە بوونی شیعرییەتی بەستبووبووەوە بە وێنەی شیعری، چونکە ئێمە ئەگەر باسی بوونی شیعرییەت بکەین لەنێو دەقەشیعرییەکاندا؛ ئەوا ناکرێت تەنیا وابەستەی بکەین بە " وێنەی شیعری "، چونکە وێنەی شیعری خۆی لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێکدێت ((زمان، ئەندێشە، واقع، بیر، سۆز، نەست))(٩) ، ئینجا زمان و وێنە و مۆسیقا و خەیاڵ و ...تاد، دەقێکی شیعری پێکدێنن. واتە دەستنیشانکردنی شیعرییەتیش لەنێو دەقی شیعریدا کارێکی ئاسان نییە و ناتوانرێت تایبەت بکرێت بە ڕەگەزێکی تایبەتەوە، بەڵکو ئەوەندە ھەیە شیعرییەت لەھەر ژانرێک بێت، بە نموونە لە شیعردا؛ ئەوا سەرتاپای شیعرەکە دەگرێتەوە و تەنانەت ھەندێکجار ناونیشانی دەقەکەش لە شیعرییەت خاڵی نییە.

ھەر لەم سەروبەندەدا ((ڕەخنەگران ھەوڵی ئەوە ئەدەن کە لە میانەی چەند پێوەرێکی تیۆرییەوە شیعرییەتی دەق بخەنەڕوو، تاکو بتوانن دەقی شیعری لە ناشیعری جیابکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش "زمان" یان بە بنەمایەکی سەرەکی شیعرییەت دانا))(١٥) بەو مانایەی بنەمایەکی سەرەکی شیعرییەتە، وەلێ ئەوەی شایەنی باسکردن و ھەڵوەستە لەسەر کردنە؛ ئەوەیە کە "زمان" بە تەنیا ناتوانێت شیعرییەت بەرھەم بێنێ، واتە شیعرییەت بە تەنیا بریتی نییە لە وەستایی و کارامەیی بەکارھێنانی زمان، خۆ ڕاستە کە دەگووترێت: ((دەنگ "نۆتە" کەرەسەی سەرەکی مۆسیقایە و "ڕەنگ" ئامرازێکی گرنگی وێنە کێشانە و ھەروەھا بنچینە و بنەمای ئەدەبیش "زمان"ە، جوانی ئەدەب زیاتر لە بازنەی زماندا خۆی دەنوێنێ و گوزارشت لەخۆی دەکات))(١٠)، بەڵام زمان لە ئەدەبدا بە تەنیا ناتوانێت دەقێکی جوان و سەرنجراکێش بەرھەم بێنێت، بەڵکو "زمان" بە یارمەتی ڕەگەزەکانیتر کاریگەرتر دەبێت.

سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نا ئەدەبی و ھونەری؛ دەکرێ بڵێژین: شیعرییەت یەکێکە لەو خاڵە گەوھەرییەی کە دەتوانرێت بکرێتە سەنگی مەحەک، ھەروەکو نزیک بەم مەسەلەیە (یاکۆپسن) دەڵێت: ((شیعرییەت بەو پرسیارەوە خەریک دەبێت، کە چ شتێک پەیامی قسەیی دەگۆڕێت بۆ بەرھەمی ئەدەبی))(١١). واتە مەبەست لێی کاتێک بە دەقێک دەگووترێت (دەقی ئەدەبی) جا ئەو بەرھەمە شیعر، چیرۆک، ڕۆمان یان ھەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی بێت، بەبێ شیعرییەت جگە لە قسەیەکی ئاسایی و سەرزاری خەڵکی ھیچ شتێکی دیکە نییە، چونکە لە ئاخاوتنی ئاساییدا لە ڕووی ڕستەسازییەوە و پەیوەندی سەرەوە و ژێرەوە وەکو یەکە، بەڵام بەکارھێنانی زمان لە دەقی ئەدەبییدا؛ بەجۆرێکە کە ڕێسا زمانییەکان تێکدەشکێنێت بەجۆرێک کە ((ئەگەر ڕۆنانی ژێرەوە و سەرەوەی ڕستە وەکو یەک بن، ئەوا شیعرییەت نامێنێ و ئەگەر جیاوازبن

شیعرییەت دەردەکەوێت و لە گۆڕانێکی ڕاستەوانەدا دەبێ لەگەڵ گۆڕانی دوو ڕۆنانەکە))(١٢).

گەڕانمان بەنێو سەرچاوەکانی ئەدەبناسیدا؛ بە مەبەستی پێناسەکردن و ناساندنی "شیعرییەت" پێناسە گەلێک بەرچاو دەکەون، ئەوانەی خوارەوە بەشێکن لە کۆیەکی گشتگیر:

جان کۆهین دەڵێت: (( شیعرییەت زانستێکە کە ناوەڕۆکەکەی شیعرە))(٣)

یاکبسۆن دەبێژێت: ((شیعرییەت گرنگی بە بونیادی زمان دەدات، بە تەواوی وەکو چۆن وێنەکێشان گرنگی بە بونیادی وێنە دەدات لەبەر ئەوەی زمانناسی ئەو زانستە گشتگیرەیە کە گرنگی بە بونیادەکانی زمان دەدات، دەتوانین شیعرییەت بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانناسی دابنێین))(٤)

تۆدۆرۆف پێی وایە: (( شیعرییەت لە بنەڕەتدا تێفکرین و لێکدانەوە بە دەقی ئەدەبی و تایبەتمەندییەکانی و بنیاتنانی ئیستاتیکا سەرچاوە دەگرێت))(٢).

زانا خەلیل دەڵێ: ((شیعرییەت بریتییە لەو شیعرە سێنترالیزمییەی کە تەوەرخی هەموو پانتاییەکانی ئەدەب و هونەر و هەموو وەرگرەکانی ئەدەب و هونەریش دەکا و لەوێوە ئێمە دەتوانین لە تام و چێژی ژیان و شیعر و عەشق تێبگەین))(٨)

شیعرییەت: لە هەر هونەرێکی زمانی کە وەزیفەی ئیستاتیکا باڵی بەسەردا کێشابێ بوونی هەیە(٧).

ئەو پێناسانە و چەندانی دیکە ناتوانن بەرەو کۆتا دەربڕینمان ببەن؛ بۆ شیعرییەت، بەو مانایەی کە چەمکە ئەدەبییەکان ناتوانرێ لە چوارچێوەیەکی نەگۆڕدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە بە خوێندنەوە و تێڕامانمان بۆ ئەو پێناسانەی سەرەوە، دەبینین کە هەریەکێکیان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە بۆ " شیعرییەت " یان ڕوانیووە، (جان کۆهین) شیعرییەتی تایبەت کردووە بە شیعر، کە ئەمەش هەروەکو لە سەرەتادا ئەوەمان ڕوونکردۆتەوە کە مەرج نییە شیعرییەت تەنیا لە دەقە شیعرییەکاندا ئامادەبوونی هەبێت. هەروەها (یاکبسۆن)یش باس لەوە دەکات کە ناتوانرێت شیعرییەت لە زانستی زمان داببڕین، بێگومان ئەگەر زمان لە ئەدەب بسێنین؛ ئەوا هیچ شتێک بوونی نابێت بە ناوی ئەدەب، هەروەها شیعرییەتیش پەیوەندییەکی ئۆرگانی و توند و تۆڵی لەگەڵ زماندا هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە شیعرییەت بریتی بێت لە دەربڕینی زمانی، بەڵکو شیعرییەت لە هەر ژانرێکی ئەدەبی بە یارمەتی تێکڕای ڕەگەزە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی دروست دەبێ و بوونی خۆی دەچەسپێنێت. (زانا خەلیل)یش لە پێناسەکەیدا ئەوە پات دەکاتەوەکە شیعرییەت بریتییە لەو چێژەی کە خوێنەر لە دەقە ئەدەبییەکاندا، وەری دەگرێت، هەروەها کۆتا پێناسەش جەخت لە گرنگی و بەهای زمان دەکاتەوە.

کەواتە دوای ڕامان و وردبوونەوە و تێگەیشتنمان لەو پێناسانەی سەرەوە؛ دەکرێ بێژین: شیعرییەت بریتییە لەو هێزە کاریگەرە و بەها ئیستاتیکیەی کە لە هەر ژانرێکی ئەدەبی ئامادەبوونی هەبێت و هەستی پێبکرێت، کار لە دەروونی وەرگر دەکات و دەبێتە هۆی هەست بزواندن و چێژوەرگرتنی خوێنەر لە دەق، کە بەهۆی زمانێکی هونەری و بەیارمەتی ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەب وەکو"هەست و سۆز، خەیاڵ-

ئەندێشە، هزر و بیر، نەست-لاشعور" دروست دەبێت و، هەروەها دەبێتە سەنگی مەحەک بۆئەوەی دەق لە نادەق جیابکرێتەوە.


لیستی ژێدەرەکان:

١. بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، نشر مرکز تهران، چ٦، ١٣٨٢.
٢. بشیر تاوریت، الحقیقه الشعریه علی ضوء المناهج النقدیه المعاصره و لنضریات الشعریه دراسه فی الاصول و المفاهیم، وزاره التعلیم العالی و البحث العلمی، جامعه الامیر عبدلقادر، للعلوم الاسلامیه، الاردن، ٢٠١٠.
٣. جان کوهین، اللغه الشعریه، ترجمه: محمد الولی و محمد العمری، دار تویقال النشر: الدار البیضا- المغریب، الطبعه الاولی، ١٩٨٦.
٤. حسن محمد نورالدین، الشعریه و قانون الشعر، دار المواسیم للطباعه و النشر، ط٣، ٢٠٠٥.
٥. حسن ناضم، مفاهیه الشعریه، المرکز الثقافی العربی – بیروت، ط١، ١٩٩٩.
٦. خەلیل ابراهیم مستەفا، شیعرییەتی دەق بە نمونەی دەقە شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠٠٩.
٧. رومان یاکبسون، قضایا الشعریه، ترجمه: محمد الولی و مبارک حنون، دار توبقال للنشر، دار البیضا، ط١، ١٩٩٨.
٨. زانا خەلیل، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٤)، ٢٠٠٦/١١/٥.
٩. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی، چ١، ٢٠٠٤.
١٠. کارزان کەریم ئەمین، وانەکانی ڕەخنەی تیۆری، ٢٠١٢.
١١. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر، چ١، ٢٠١٢.
١٢. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر وەک نمونە، چاپخانەی موکریانی-هەولێر، چ١، ٢٠١٢.
١٣. موحسین ئەحمەد عومەر(د)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی-سلێمانی،٢٠١٢.
١٤. هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر، چ١، ٢٠١٠.
١٥. ئازاد عبدالواحید کریم(د)، ڕەنگاڵەکانی دەق، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی-کەرکوک، چ١، ٢٠١١.
١٦. ئەمین عەبدولقادر، شیعرییەت د ڕۆمانێن(سدقی هرۆری)دا، چاپخانەی حاجی هاشم_هەولێر، چ١، ٢٠٠٨.